# ڕاکردووەکان، قسەیی زل و ئاپێ محەممەد مەلا قادر

کاوە ئەمین
**Kawe35@hotmail.com**
11-10-2005

لە ڕۆژنامەی میدیایی ڕۆژیی 2005/10/4 دا، گفتوگۆیەک لەگەڵ ئاپێ محەممەد مەلا قادر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەربارەی دەستوور و یەکگرتنەوەی ئیدارەکان، کراوە، کە لەوێدا بە ناڕەوا هێرش دەکاتە سەر کوردانی ئەورووپا و دەفەرمویێت: " کابرایەک لە ئەورووپا دانیشتووە هیچ مەسئولیەتی نییە، هەتا ڕەنگە مەسئولیەتی بەرامبەر خێزانەکەی خۆیشی نەبێ، ڕای کردووە چۆتە ئەورووپا لەوێ شت دەنووسێ، من هیچ ئیعتیبارێک بۆ ئەو ڕاکردوانە دانانێم". ئەمە قسەی پیاوێکە کە بۆخۆی دەیان ساڵ لە ئاوارەیدا ژیاوە و منداڵەکانیشی لە خیابانەکانی ئێران گەورەبوون و ئەوەی من بیستوومە یەکێکیشیان بە زەمالەی شۆڕش خۆی دەگەیەنێتە سۆڤیەتی جاران بۆ خوێندن و پاشانیش سوێد.
با هەر بە قسەکانی ئەم مامە پیرەیە کە دەبوو ئێستا خانەنشین بوایە و گەنجێک لە جێگای ئەو کاری بکردایە، بەر پەرچی قسەکانی بدەمەوە. ئاخر گوێی شەیتان کەڕ بێت، مەسئولی کورد، مەگەر مەرگ خانەنشینی بکات، دەنا تا بە چوار دەستانیش بیانبەن بۆ سەر کورسی و مێزەکانیان، هەر واز ناهێن، تەنها مەگەر گڵ مەیلیان بۆ لای پارە و دەستەڵات ببرێت، ئەی مەگەر کورد ناڵێت "گڵ مەیل برە". ئاپێ حەمە دەڵێت " ئێمە خۆشباوەڕین، چ خۆ بەخۆیی دانیشین هەر خۆشباوەڕین. ئەو خۆشباوەڕییە وامان لێدەکات زۆر تەفاسیل و دیکۆمۆنێت بەکار نەهێنین. دەبینی دوو حیزب کۆدەبنەوە، زۆر کەم وایە مەحزەر بنووسن، دیکۆمێنت ئەوە هەر نییە". پەکو لەو عاجبایەتییە! کورە بابە ئێوە هەموو ئاینیشتاینێکن بۆ خۆتان دیکۆمێنتان بۆ چییە، پیاو قسە دەکات، پیاو!. ئاخر ئاپێ گیان ئاوا سیاسەتتان کردووە و کوڕیی کوردتان بە کوشت داوە، دەڵێم کوڕ چونکە تۆ پێ ناچێت مێینە بە بەشەر بزانیت، باشە ئەگەر سبەینێ کەسێک لێتان بپرسێت هۆی ئەم هەموو دووبەرەکییە چییە؟ نابێت دیکۆمنتێک هەبێت نیشانی بدەن، نابێت ئەو میللەتە بلیمەتەی کە دەنگتان بۆ دەدات و تا مردن متمانەتان پێ دەکات، بزانێت خەتای کێیە؟ بۆ دەبێت خەڵک بە قسەکانی جەنابت بڕوا بکات؟ پاشان مامە پیرە دەڵێت " هەردوو حیزب بڕیاریانداوە کە نابێ جارێکی دیکە کورد شەڕیی ناوخۆ بکات". ماڵتان ئاوابێت، کورد مەمنوون، میللەت ئەو پاداشتەتان بەچی بدرێتەوە؟ ئەی نەدەکرا پێشتر ئەو بڕیارەتان بدایە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو شەڕی کەستان نەکرادایە، ئەی مەگەر ئێوە

ئیمانتان به مونافەسەی شەریفانەو دەستوور و برایەتی کورد و عەرەب نییە، ئیتر بۆ هەزارانی وەکو ئێمەتان لە نازیی باوکێتی بێ بەش کرد و ئێستاش خۆتان خوێنەکەیان دەخۆن؟ هەی ماڵتان ئاوا نەبێت.
ئاپێ حەمە دەڵێت "ئەمریکییەکان لە ئێمە زیرەکترن"، نازانم ئاپێ بە پێی چ پێوانەیەکی زانستی ئەم بەراوردە دەکات، دەنا قابیلە ئەمریکیەکان مێشکیان "شەش کیلۆ"و هی ئێمەش بەقەد هی مریشکێک بێت!؟ تەنها شتێک هەیە ئەمریکییەکان خۆیان پێ سووک نییە و لەهیچ شتێک ناپرینگێنەوە کە لەبەرژەوەندی میللەتەکەیاندا بێت و سەرۆکەکانیشیان تەنها بۆیان هەیە هەشت ساڵ سەرۆککۆمار بن، زۆرەبەشیان کە گەیشتنە شەست و پێنج ساڵی و هەموو وزەو توانای خۆیان بۆ وڵاتەکەیان سەرفکرد، خۆیان خانە نشین دەکەن و پاشانیش وەکو "جەی گارنەر" کە کاکە عەبەی بەرنامەی "بەرنامە" پێی دەوت "گاننەر"، دێن دەبنە دۆست و ڕاوێشکاری گەلانی بن دەستی وەکو کورد و فەڕشی سووریان بۆ ڕادەخرێت و فەرمانەکانیان جێبەجێ دەکرێت، کەسیش پێیان ناڵێت بێگانە و ڕاکردوو و هیچ و پووچ. کەچی کە کوردێکی ئەورووپا نشین، قسەیەکی هەق بکات، یەکسەر باپیرە سیاسیەکانمان قوشقی دەبن، لە بیریان چووە کە زۆربەی سەرکردایەتیەکانیان ماڵ و منداڵیان لە دەرەوەیە و هەر دوو سێ مانگ جارێک دەگەڕێنەوە، خۆیان شەحن دەکەنەوە، لەوێ بە دۆلار و لێرەش بە "هین"، هەندێکیشیان هێندە مێشکیان ماندووە بۆ کورد، فەقیرانە بە پرخەی خەویان لە میوانخانەکەی پەرلەمان، زەندەقی داگیرکەرانیان بردووە.
بڕوا بکە باپیرە هەر لەم وڵاتەی من لێی دەژیم، دەیان وەزیر و گزیری ئەو کوردستانە هەن، کە ژن و داک و بابیان لێرە دەژین و کەیش پێیان ناڵێت ڕاکردووە، نەک هەر ئەوە لەم شارەی کە من لێی نیشتەجێم داپیرەیەک هەیە کە هێندەی دایکی خۆم ڕێزم بۆی هەیە، کەچی ماوەیەک کوڕەکەی سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی "هەرێمی" کوردستان بوو. با زیاتر سەری باپیرە نەیەشێنم، دەزانم میزاجی کوردەواری بەم قسانە تێکدەچێت، بەڵام توخوا پێمان ناڵێیت، کە پۆستی سەرۆککوەزیران و سەرۆکی پەرلەمان بە نۆرەیە، ئیتر ئەو هەموو دانیشتنە تێرو تەسەل و بێ دیکۆمێنتانەی ئەم هەشت ساڵەی ڕابردوو بۆچی کران؟